سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆککۆمار کۆبووەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە 2024/4/28 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ د. لەتیف ڕەشید سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاویکردەوە: -لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی گشتیی عێراق و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، برەودان بە پێشخستنی کەرتی ئابووری و خزمەتگوزاری، پشتگیری لە حکوومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی، گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەپێی دەستوور و هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، تاوتوێ کرا.

هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و سەرخستنی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کردەوە، هەروەها باسیان لە سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ ئەمەریکا و سەردانی بەڕێز سەرۆککۆماری تورکیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەنجامی هەردوو سەردانەکە کرد بۆ برەودان بە پەیوەندییەکان عێراق لەگەڵ ئەمەریکا و

تورکیا، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا، لەگەڵ هاریکاری هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکانیەتی لەگەڵ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن لەسەر بنەمای دەستوور، لە سەروویانەوە ئەو پرس و کێشانەی پەیوەندیان بە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانەوە هەیە. هەر لەمبارەیەوە سەرکۆمار باسی لە گرنگیی بەردەوامیی دیدار و سەردانەکانی شاندی هەردوولا بۆ چارەسەکردنی کێشەکان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ، سەرکۆنەی هێرشی درۆنیی پێرێ شەوی سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆریان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کرد و هێرشەکەیان بە دەستدرێژی بۆ سەر سەروەری و هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیریی وڵات، لە قەڵەم دا.